# ژیان و ئازادی ئینسان لەسەردەمی سڕینەوەدا

**تایەر حاجی حەسەن**



سەدەی بیسویەک، دەکرێت بە ئاڵۆزترین سەدە ناوی ببەین لە مێژوی مرۆڤایەتیدا، چونکە کاریگەریەکانی ئەم سەدەیە هەرلەسەرەتاکانیەوە ئەم ئاڵۆزیەیەی نیشاندا. بە چەشنێک جیاوازتر لە سەدەکانی ڕابردوو کە هێندەی ئەم ساتەوەختە شۆڕشی تەکنەلۆجیا پێشکەوتوو نەبوو، هەروەها ئاستی گەیەنەرە خێراکانیش بەم ئاستەی ئێستای ئەم سەدەیە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی هاتنە خوارەی گوزەران و ژیانێکی شایستە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا تا دێت ڕوو لە خراپی و نامرۆڤانەترە لە سەرجەم سەدەکانی ڕابردووی مێژوی مرۆڤایەتی. دەکرێت بزانین مێژوی مرۆڤایەتی سەرجەم مێژوی ململانێی هێزە زاڵو بەتواناکان بوە لە بەرانبەر هێزە کەمتر بەتواناکان، لەگەل ئەم تێڕوانینەشدا سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی بەدەر نەبووە لە ئەو ململانێ چینایەتیانەش کە هەردەم دەسەڵاتە بەهێزەکانی بەرەو داگیرکاری زیاتر و چەوساندنەی بێئەملاولا بردوە، وە کۆمەڵگەکانیشی بەرەوجەنگ و کاولکاری پاڵپێوەناوە.

ئێستا ئێمەی زیندو لەم سەدەیەدا کە تێیدا دەژین زۆرترین لێدوانە سیاسیەکانی دەسەڵاتداران بۆ ئەوەیە کە مرۆڤایەتی پێویستی بائازدی و سیستمێک هەیە تا هەموان بەئاسودەیی بژین. ئاخۆ ئەو لێدوانانە بەڕاستی ئامانجیان ئەو بەها گرنگەیە بۆ ژیانی سەرجەم؟ یان ئەوە تەنها ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانە بۆ گوێ لەمستنانی خەڵکانی ناو کۆمەڵگاکانی خۆیان، بۆ ئەوەی بە ئارەزوی خۆیان چۆنیان پێباش بوو ئاوا بە شوێن ئامانجە نهێنیەکانی خۆیاندا بگەڕێن.
ئەوەی زۆر ئاشکرایە لەم سەدەیەدا هێنانی فەلسەفەی جەنگی دژە تیرۆرە، بۆ ئەوەی کۆتای بەو تێڕوانینە تاک ڕەویانەی دەسەڵات و گروپە تیرۆریستەکان بهێنرێت و لە جێگایان ئازادیەک بەرقەرار بکرێت بۆ ژیانی کۆمەڵگاکان. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بە کۆتای هاتنی ئەو گروپ و دەسەڵاتانەی ئێستا لە بەرانبەر ستراتیژیەتی سیاسی ئەمریکادا وەستاونەتەوە ئایا دەتوانین بگەین بەو باوەڕەی کە بەکۆتا بونیان ژیانێکی بەختەوەر دیتەئاراوە؟ ئێستا ئەوەی دەیبینین لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا بێجگە لە شەڕە تەقلیدیەکان و داگیرکردنەکان، ئاوازی سڕینەوەی کۆمەڵگاکانیش هاتوەتە نێو بازنەی پلانەکانی هێزە دەسەڵاتدارەکانی حاکمەوە. ئەوەی ئەم هەڕەشە تەواو وەحشی و بەربەریەتە دەکات خودی دەسەڵاتی حاکمانی ئیسلامی سیاسی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلە. ئەم هەڕەشە ترسناکانە بۆخۆی ئەگەر هاشەوهوشیش بێت (تاڵەبانی)واتەنی، جێگای نیگەرانی گەورەیە بۆ سەردەمێک تێیدا زانست و پێگەیشتنی بەرهەم هێنانی مرۆڤایەتی لەسەرجەم کایەکاندا لەوپەڕی پەرەسەندویدایە. (هیلاری کلنتۆنیش) لەم ئاوازە نارەوایەدا خۆی دوور نەگرت لەکاتی سەرودەمی بانگەشەی خۆهەڵبژاردنەکاندا و ئەو هەڕەشەیەی کرد ئەگەر بێت و ئێران هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل ئەوە لە نەخشەدا دەیسڕینەوە؟ ئایا ئەمە بێماناترین سیستم و دەسەڵات نیە ئاوا پێڕەولە ژیانی کۆمەڵگاکان دەکەن. ئاخۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەمریکی دەکرێت چ جیاوازیەکیان هەبێت لەگەڵ حاکمانی دەسەڵاتی سیاسی ئیسرائیل و کۆنەپارێزانی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا. بۆ ئەم دوو دژە بۆخۆیان نەبوون بەسەرچاوەی سەرجەم نەهامەتیەکان لە عێراقدا( مەبەست ئەمریکا و ئیرانە) وەک دەسەڵاتی سیاسی( دوای ڕوخانی دیکتاتۆر و سیستمەکەی)، بۆ ژیانی کۆمەڵگەیەکیان بە زۆرینە نەخستۆتە لێواری مەرگەوە. ئیتر بە چ ئاوازێک دەکرێت دڵخۆش بین بە سەرجەم تێگەیشتنێک کە ئەم سیستمە چەوسێنەرە هەیەتی بۆ ژیانی ئینسان.

ئێستا  دەسەڵاتدارانی حاکم چ ئەمریکی یان ئیسرائیلی یان ئێرانی بە هاوبەش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هاوئاهەنگیان لە خۆڕێکخستنی ئەو ئاهەنگە تەواو بەربەریەدان، بۆ ئەوەی لایەکیان بتوانێت لاکەی دی بسڕێتەوە. بەڕاستی نیزامی سەرمایەداری حەقیرترین سیستمە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا.
ئێستا وەک سەدەکانی ڕابردوو نیە جەنگەکان لە ڕێگای تیر و شمشێرەوە بکرێت، ئێستا لەوپەڕی پێشکەوتندا تەنها کرتەیەک لەسەر ئەو چەکەماڵوێرانکەرەی کە خواستی دەسەڵاتی نابەرابەر دایهێناوە بۆ سڕینەوەی کۆمەڵگایەک بەیەکجاری، چەند چرکەساتێکی بەسە.
دەکرێت بپرسین سەرجەم ئەم ڕوداوانەی ڕوودەدەن،چ بەجەنگ یان بە جەنگی برسیکردنی کۆمەڵگایەک ئاخۆ دەتوانێت خۆی وەک پێویستیەک نیشان بدات تا ئەوەی دەسەڵاتی بەرانبەری پێ تەمبێ بکات، یان بە دیوێکی تردا ئەوە نیشانەی  فەشەلی نیزامی چینایەتی سەرمایەداریە لە بەڕێوە بردنی ژیاندا؟ لە کاتێکدا زلهێزەکانی جیهان بە فەرزکردنی هێزودەسەڵاتی خۆیان زۆرترین داهاتیان بۆخۆیان و سیستمەکەیان مۆڵداوە و گرانی و بێئەمنیەتی ژیانیش ڕوی لە خەڵکانی چەوساوەی ژێر ئەو دەسەڵات و سیستمەیە. ئابەم شێوازە دێن باس لە ئازادی و حورمەتی مرۆڤایەتی دەکەن!

ئەوە بەرنامەی سیاسی ئەم دەسەڵاتەیە بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان و ئەوەی لەو بەرنامەیەی ئەوان دەرچوو بە دژە ئازدی دایدەنێن، خۆئەگەر چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادی خوازەکان، چ کاتێک هاتنەمەیدان بۆ ئەوەی سونەتێکی جیاوازتر بنیات بنرێت بۆ ژیانێکی پڕ لەئاسودەیی بۆ هەموان، خودی ئەو دەسەڵاتە بە گێرەشێوێن و تێکدەر ناویان دەبەن و درێخی ناکەن بۆ سەرکوتکردنیان. لە کاتێکدا ئەگەر بڕیارە ژیان و گوزەران بۆ هەرتاکێکی کۆمەڵگا بێت، دەبێت ئەو مافەشی پێبدرێت کە ڕووبەڕوی دەسەڵاتی سیاسی ببێتەوە و لێی قبوڵ نەکات بەم ئەندازەیە ژیان بەرەوفەلاکەت ببەن.
ئایندەی ملهوڕی دەسەڵاتی سیاسی نیزامی چەوسێنەر ئابەم شێوازەی ئێستای بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی بەرەنگاری بۆ دروست نەبێت، برسێتی و بێکاریش بەم ڕادەی ئێستای بەردەوام دەبێت و پێدەچێت ڕولەزیادبونیش بێت، ناشکرێت ئەم فەلسەفە دڕندانەیە کە ئامانجی شەڕوکوشتار و سڕینەوەیە ئاوا بۆخۆی دەس هەڵبگرێت لەو ئامانجەی، تا ئەو کاتەی بە زۆرینەی خەڵکی دێنە مەیدان بۆئەوەی بتوانن ببن بەڕێگر لەبەردەم ئەو ئاماجە ناڕەوایەدا و لەدەسەڵاتداران قبوڵنەکرێت ژیان و گوزەران ئاوا لە بێئەمنیەتیدا درێژەی پێبدرێت.

هۆڵەندا
2008/06/11